www.xtrapapers.com



Diploma Programme
Programme du diplôme
Programa del Diploma

# Kurdish A: literature – Standard level – Paper 1
# Kurde A : littérature – Niveau moyen – Épreuve 1
# Kurdo A: literatura – Nivel medio – Prueba 1

Friday 8 May 2015 (afternoon)
Vendredi 8 mai 2015 (après-midi)
Viernes 8 de mayo de 2015 (tarde)

1 hour 30 minutes / 1 heure 30 minutes / 1 hora 30 minutos

---

### Instructions to candidates

- Do not open this examination paper until instructed to do so.
- Write a guided literary analysis on one passage only. In your answer you must address both of the guiding questions provided.
- The maximum mark for this examination paper is **[20 marks]**.

### Instructions destinées aux candidats

- N'ouvrez pas cette épreuve avant d'y être autorisé(e).
- Rédigez une analyse littéraire dirigée d'un seul des passages. Les deux questions d'orientation fournies doivent être traitées dans votre réponse.
- Le nombre maximum de points pour cette épreuve d'examen est de **[20 points]**.

### Instrucciones para los alumnos

- No abra esta prueba hasta que se lo autoricen.
- Escriba un análisis literario guiado sobre un solo pasaje. Debe abordar las dos preguntas de orientación en su respuesta.
- La puntuación máxima para esta prueba de examen es **[20 puntos]**.



2215 – 0575

© International Baccalaureate Organization 2015

International Baccalaureate
Baccalauréat International
Bachillerato Internacional

www.xtrapapers.com



دەربارەی **یەکێك** لەمانەی خوارەوە بنووسە.  وەڵامی هەر دوو پرسیارەکە لە نووسینەکەتدا بگونجێنە.

.1

جگە لە یەك دوو کەس کە تا ئێستاش لە گەرەکەکەدا مابوون، ناوی باقی منداڵەکانی ئەو دەمەی لە بیر نەمابوو.  بە بیریدا هات بڕوا ماڵ بە ماڵی شارەکەیان بۆ بگەرێ.  بۆ دۆستانی سەردەمی منداڵی. هەر وا کە بۆ هاورێیانی تافی گەنجی و بەر لە رۆشتنی گەڕابوو.  لە گەڵ جەلالی، کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵ.  زۆربەیان نەمابوون.  یان لێرە نەمابوون و، هەر کامە لە شوێنێکیتر و لە سووچێکیتری ئەم وڵاتە و ئەم دنیایە... ئەوانەش کە مابوون... جەلالی گوتبووی: ''ئەوان ئێستا ئەو هاورێیانە نین کە ساڵانێك لەمەبەر بە جێتهێشتبوون.''  جەلالی بە خەم و مەراقەوە گوتبووی.  بەڵام بارام بە تیز و توانجەوە دەیگوت: ''شەقی زەمانە هەموویانی گۆڕیوە.  پارە تۆ و سەدانی وەك تۆی پێ لە بیر بردوونەتەوە.'' دەیگوت: ''لە ناو هەموویاندا تۆ کڵاوت سەر چوو.  تۆ و چەند کەسێکی وەك تۆ.  بە قسەی ئەوان وازتان لە ژیان و کەس و کارتان هێناو، شوێن خەونێکی منداڵانە کەوتن.  ئەوسا ئەوان پشتیان لە خۆتان و خەون و کەس و کارتان کرد... کە تۆ رۆشتی هاورێ زۆر نزیك و خۆشەویستەکانت لە رێبازیشدا خۆیان لێ لادەدایین.  وەها کە ئێمە گول بین.  لە پرسەی باوکیشمدا زۆربەیانم نەدی...''  رەنگە نەیگوتبێ زۆربەیان، گوتبێتی هیچیانم نەدی.  دەیگوت: ''دەترسان ئەگەر مەرحەبایی ئێمە بکەن، بیانگرن.''

بیانگرن؟  بۆ ئەو کێ بوو؟  چی کردبوو؟

دیسان زڕەی تەلەفوونەکەی بیست.  داچڵەکی.  بە خۆشیەوە بەرەو پیری چوو.  بە خۆشیەوە؟ لەو ساتەدا پێی وابوو لە دەرەوەی وڵاتە.  لە شارێکی دوور و غەریب.  لە ماڵێکی چل و ئەوەندە مەتریدا و، چەند مانگە چاوەڕوانی تەلەفوونی کەسێکە.  چاوەڕوانی بیستنی دەنگێکی ئاشنا.  دەنگی ئاشنای مونیرەی خوشکی بوو.  گوتی: ''خۆ لە بیرت نەچۆتەوە ئەم عەسرە میوانت دەبێ؟''

میوان؟  بە هیوای میوان نەبوو.  مونیرە دەیزانی.  گۆتی: ''من و نەشمیل و لەیلا.  نەکا بڵێی کامە لەیلا؟''

عەتا نەهایی، *باڵندەکانی دەم با* (1998)

(ا)   رۆمان نووس چی پیشان ئەدات سەبارەت بە تێڕوانینی میهرەبان بۆ وڵاتەکەی؟

(ب)   رۆمان نووس چ تەکنیك گەکێك بەکاردێنێت بۆ ناسینی قارەمانی ڕۆمانەکە؟

www.xtrapapers.com



.2

## مانگی گوڵان

مانگی گوڵانە، گوڕەی بەهارە
زەمین سەراپا باخ و گوڵزارە

مافوری سەوزی هەردان گوڵگوڵە
گوڵشەن بە جارێ پڕ لە بولبولە

سەراپا شاخ و باخ و دۆڵ و دەشت
چاو ئەندازێکن لە باخچەی بەهەشت

پۆلی کەنیشك و دەستەی دڵداران
هاتوچۆیانە لە ناو گوڵزاران

منداڵانی ورد وێنەی کارژۆڵان
پەرت و پەخشانن لە ناو مێرگوڵان

گەڵەی کاکێوی و کەروێشك و ئاسکان
پەرتانن بەدەم هەڵدێر و باسکان

ئاوی کانیاوی سارد و سازگار
لە ژێر و قەدی کێوان دێتە خوار

رووبار وێنەی مار بە گێنگڵ ئەخشێ
بە پێی جێگاکەی دیمەن ئەنەخشێ

لە لایێ شەپۆل شڵپە شڵپ ئەکا
لە لایێ ئاگر کڵپە کڵپ ئەکا

لایێکیش گرد و هەوراز و رازە
دامێنی جێگای بازی سێ بازە

ورد و درشت و کچ و ژن و ژاڵ
منداڵ و گەورە و پیاو و کوڕ و کاڵ

گشتی سەرخۆشی جوانی سروشتن
بەرامبەر نەغمەی بولبولان وشتن!

زیوەر، *بەهاری* (1948)

(ا) شاعێر چۆن مانگی گوڵان وێنا دەکا و کام تایبەتی ئەم مانگە دەخاتە روو؟

(ب) چۆنیەتی بەکارهێنانی خوازە (مێتافۆڕ) و لێکچوون لەم شێعرەدا تاوتوێ کەن.